رێنالدۆ لە گەڵ یانی نەسڕ بردەوام دەبێت

بە گوترەی زانیارییەکانی رۆژنامەنووس سانتی ئاونا لە رۆژنامەی فوت میرکاتۆ، کریستیانۆ رێنالدۆی پورتوگالی کاپتنی نەسڕ، بردەوامی بە کاروانەکەی دەدات لەگەڵ یانێ سعودییەکە.

ئەو رۆژنامەنووسە باسی لەوکردووە، هەرشبڕێ پورتوگالییەکە و یانی نەسڕ رێککەوتنی تەواو لە نێوانیاندا هەیە و رێنالدۆ گرێبەستە نوێیەکەی واژۆ کردووە و تەنیا راگەیاندی فەرمی ماوە.

دەشڵێت: سەرچاوە سعودییەکان کە نزیکن لە یانی نەسڕ پێیان راگەیاندووە کە رێنالدۆ ڕێتیکردووەتەوە سەرکردایەتی هیلال بکات لە مەندیالی یانکان و بە پرۆژە نوێیەکەی یانکەی رازیبووە، لەبەر ئەمەش گرێبەستەکی لەگەڵیاندا نوێکردووەتەوە.

لە هاوینی ئەمسادا گرێبەستەکەی رێنالدۆی تەمەن 40 ساڵ لەگەڵ نەسڕ بەسەردەچێت، ئەو یاریزانە لەگەڵ یانکەی ئێستای بەشداریی 105 یاریی کردووە و خاوەنی 93 گۆڵ و 19 ئەسیستە.